# بڕیار یان سەرەتای وەرچەرخان؟!

**Kawa Nadir**
**Regayrangdaran@.hotmail.com**

**ماوەیەك بوو ئەمریكا لەهەوڵو كۆششێكی بێ هودە دا بوو لەپێناو دەرخستنی بڕیارێكی نێودەوڵەتی بۆ گورز وەرشاندنو لەسەر كارلابردنی رژێمی نەژاد پەرستی سەدام، كە بەتوندی لەلایەن هەندێ لەولآتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش (فەرەنسا، روسیا، ئەڵمانیا) رەت دەكرێتەوە، یاخود ئاستەنگی دەخرێتە سەر رێگا، لەخوێندنەوەیەكی خێرای هەڵوێستی ئەو ولآتانەدا، بۆمان دەردەكەوێ مسۆگەركردنی بڕیارێكی لەو بابەتەی كە ئەمریكا خوازیارە، ئاستەمە. بەپێی زۆر لە هێمای پێشهاتەكان دەمێكە ئەمریكا مەزەندەی سەرنەكەوتنی ئەو بڕیارەی كردووەو بڕیاری گورز وەشاندنی تاك لایەنیشی لەگەڵ هاتنە سەر كاری بۆشی كوڕ داوە، لێرەدا ئەی بۆچی ئەمریكا پرۆژەی ئەو بڕیارەی بردۆتە ئەنجومەنی ئاسایشو دەخوازێ پشتگیری لێ بكرێو هاوپەیمانەتی لەگەڵدا دروست بكرێ؟!، كە دەزانێ پێی مسۆگەر ناكرێ!؟. لەراستیدا ئەمریكا بەپێی پلانێكی تایبەت ئەم هەولآنە بەرێوە دەباتو ئەو هەوڵو كۆششانەی درێژە پێ دەدا، تا ئەو كاتەی جموجوڵو ئامادە كارییەكانی لەگۆڕەپانی ئەو شەڕەدا بەكرو هێمنی و بێ ئاستەنگ كۆتایی دێو وەختی ئاشكراكردنی سەعاتی سفر دادێت.**

**كاتێ شەڕەكە رووی داو گورزەكە ئاڕاستەی جەستەی بودەڵەی رژێمی سەدام كرایەوە، كە گومانی تێدا نییە لەڕووی سەربازییەوە لەئێستاوە سەركەوتنی بەدەست نەهێناوەو رژێمی نەژاد پەرستیش هەڵوەشاوەتەوە لەدوای ئەو شەڕە، ئەمریكا بەپێی واقیعی هاوكێشەی ئەوسا، مامەڵە لەگەڵ UN و ئەنجومەنی ئاسایش دەكاتو سەر لەنوێ پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئەو ولآتانە دادەرێژرێتەوە كە رێگری بەئەنجام گەیاندنی بڕیارەكە بوون.**

**ئەما بۆچی هەندێ لەولآتانی ئۆروپی هێندە دژی پرۆژەكەی ئەمریكان؟ لەڕاستیدا ئەو هەڵوێستە داكۆكی كردن لە سەدام نییە، مەسەلەیەكی ئەخلاقیش نییە لە رەوایی و ناڕەواییدا، بەڵكو لەبنەڕەتدا دەزانن جاڕدانی ئەو شەڕە، هەر تەنیا گورز وەشاندن نییە لەسەدام، بەڵكو بەشێوەیەك لەشێوەكان جاڕدانی شەڕە لەسەر بەرژەوەندییەكانی ئەوانیش، بەتایبەتی لەبواری پترۆلییدا، كە ئێستا بەیەكێ لەشادەمارە سەرەكییەكانی ماشێنی سیستەمی سەرمایەداری دەزانرێ و سەرەتای وەرچەرخانێكە لەسیستەمی نوێی جیهانیو پرۆسەی جیهانگەرایی لەپێگەو پێكهاتە كە ئەمریكا دەخوازێ، بەئەمریكا كردنی رابگەیەنێ بەتەواوی، یاخود پتر پاشەكشەكردن بێ بەبەرژەوەندییەكانی ئەو ولآتە لەناوچەو جیهاندا.**

لێرەدا دەكرێ هەڵوەستە لەسەر ئەو گۆڕانكارییە حەتمیە بكەین كە لەو ڕۆژانەدا ڕوودەدات و بپرسین كێشەی كوردستان چی لێ قازانج دەكات؟! و چی پێ دەبڕێ!؟.

لەراستیدا بەهۆی جیۆپۆلیتیكی باشووری كوردستان بۆ ستراتیژییەتی ئەمریكی لەناوچەكەداو ڕەوایی بێ سنووری كیشەی كوردستان، ناكرێ بیر لەپاشەكشەی ئەو كیشەیە بكریتەوە، هەرەشەو گورەشەكانی دەسەڵاتدارانی توركیای داگیركەر لەدژی كورد، ئەوە دەگەیەنێ و ئەوەی لی هەلدەهینجرێ كە ئەو ڕژیمە، ئەوەی لی مسۆگەر بووە ئەوەی چەندین سالە سەودایی لەسەر كردووەو ئەوەی لی دەترسا؟! بەریچكەیەكی یاسایی ئەوا ڕوو دەداو دەچەسپێ!.

هەر بۆیە نەك حكومەتی ئەردوگانی نەژاد پەرستی تازە كەوتۆتە نیو قەیرانیكی دووسەرە، بەلكو ئایدیۆلۆجیەتی كەمالیزمی نەژادپەرستی خستۆتە دووریانیكەوە، هەلبژاردنی هەر ریگا چارەیەك ئەوا نیگەتیڤانە بەسەریاندا دەشكیتەوە، ئەوەش باجی ئەو ڕۆژانەیە كە چەندین سالە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە بەریوە دەبەن و نكۆلی لە بوونی كورد دەكەن.

**هەولیر - كوردستان**